# ئازادی ڕۆژنامەگەری خۆی

# بەرژەوەندی حەیاتیی کۆمەڵگایە!

*(وەڵام بە مەسعود بەرزانی)*

**حەمەغەفور**

hamaxafoer@yahoo.com

ئەمڕۆ دووشەممە بەڕێز مەسعود بەرزانی لە سەلاحەدین لەگەڵ بەرپرسو ئەندامانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیو پارتی کۆبۆوەو دەربارەی پڕۆژەیاسای ڕۆژنامەنووسی کوردستان کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکرا قسەوباسیکرد. با لەوەگەڕێین کە ناوەندی ڕاگەیاندنی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار تائێستا لەکوێبوون وە نەخشیان چیبووە لە داڕشتنی پڕۆژەیاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانداو ئێستا چی شتێک ڕوویداوە وا بە هەڵەداوان گەیشتوونەتە لای بەرزانیو بۆچی (دوێنێ نا) ئەمڕۆ باس لە کەموکەسریی دیموکراسیبوونی پڕۆژەکەدەکەن، گوایا لەپێناوی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا زەحمەتیانکێشاوەو لەگەڵ باڵای کورتی ئەو وەعدوبەڵێنانەدا بەراووردیاندەکەن کە ساڵانێکە بەدەیان شێوەو بەسەدان زمان بە خەڵکیانداوەو ئێستاش بۆ هەمان مەبەست چوونەتە خزمەتی مەسعود بەرزانیو دەسەودامێنی بوون تا ئیمزای لەسەر نەکاتو بیگێڕێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ چاککردنی!

هەروەها با ئەوە لەوێ بوەستێ کە بڕیاربوو پەرلەمان "کە هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان بوو!"و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی ئەوان بکات، نەک پڕۆژەیاسای پێشنیارکراو بۆ بەردەستی بەپێچەوانەی خواستی خەڵکییەوە مۆربکا، بەڵکو لە بنچینەدا قەراروایە پەرلەمان خۆی دەزگاو ئۆرگانێکی موعتەبەرو هەڵبژێردراو بێ لەلایەن خەڵکییەوە بە مەبەستی نووسینو داڕشتنی تەواوی یاسا جۆراوجۆرەکانی ڕێکخستنو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. دەبووایە ڕۆحو جەوهەری ئەو یاسایانەش هەوێنی پاراستنی هەمەلایەنەو هەمیشەیی سەرجەمی مافەکانی تاک تاکو کۆمەڵ کۆمەڵی تەواوی هاووڵاتیانو دانیشتووانی ووڵاتو کۆمەڵگایەک پێکبێنێ. لەوانەش یاسای ڕێکخستنی ئازادی دەربڕینی بیروڕاو ئازادی ژورنالیستیو ڕۆژنامەوانی! کەچی پەرلەمانی لەمەڕ ئێمە خۆی وەکو دیاردەیەکی نەشازو زیادەو سەربار پڕۆژەیاسایەک مۆرو پەسەند ئەکات کە دژی سەرلەبەری پێناسەو ماناو مەفهومی ڕەکیزەکانی دیموکراتیو کۆمەڵگای مۆدێرنو مەدەنییە!

بەم هەنگاوەی پەرلەمان نیشانیدا کە هیچ شوێنێکی ئەو شتەی ناویلێنراوە پەرلەمان لەگەڵ مافو خواستو ئاواتو ئارەزووی خەڵکی کوردستاندا یەکناگرێتەوە! دەنا ئەگەر بەرژەوەندی حیزبیو دەسەڵاتی سەرووخەڵکی ئەم پەرلەمانە نابزوێنێ، ئەگەر پەرلەمان دەزگایەک نییە بۆ خەملاندنی دەسەڵاتی گەندەڵو سەروخەڵکی دوو حیزبی سەرەکی، بۆچی نازانن ڕاگەیاندن دەسەڵاتی چوارەمە

لە کۆمەڵگای کراوەدا دەبێ ڕێکخستنی هەمواربکرێ! ئەگەر بەهەق دیموکراتییەکەیان بەهای پووشێکی هەبووایە لەلایان، هێندەی دەگەڕێتەوە سەر مافو ئازادییەکانی جەماوەر، بزاوتێکی عەزیمی ڕۆژنامەگەریو جووڵانەوەیەکی بەرفراوانی ژورنالیستی گەورە لە کوردستان بەهێند دەگیراو دوور لەهەر عورفێکی سەردەم دەنگیان بەیاسایەکی ڕۆژنامەوانی لەو چەشنە نەدەدا کە سەرەڕای ئەوەی یاساکە کتومت تیرۆرکردنی ووشەی بوێرو ئازادەو داخستنی دەمی هەر جۆرە دەربڕینێکە، مێژوویەکی حەڤدە ساڵەی بزاوتی ڕۆژنامەگەری کوردی، کە بەهیممەتی سەدانو هەزاران ئینسانی ڕووناکبیرو ئازادیخواز بەئێرە گەیشتووە، چۆڕچۆڕ بە شیلەی تەمەنی جوانو نازداری خۆیان پەروەردەیان کردووە نەدەخرایە ژێرپێوە!

مەسعود بەرزانی بە دەمی خۆی ئاوا هەڵوێست دەنوێنێ گوایا لەبەرامبەر ئەو فەلتەیەی کە بەسەر پەرلەمانەکەیدا تێپەڕیوەو گەرەکیەتی ڕاستیکاتەوە کە لە ئەساسدا بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشی توڕەیی جەماوەریو ناڕەزایەتی ڕۆژنامەوانانو ئازادیخوازان لە کوردستان؛ " ئەگەر یاسایەك بەرژەوەندی خەڵکی ئەو پیشەیە ڕەچاو نەکات با هەر دەرنەچێ باشترە". هەروەها لە بەشێکی تری قسەکانیدا دەڵێ؛ " پێمان خۆشە میدیاکان ڕەخنە لەدەسەلاٌت بگرن، بەلاٌم ئەو ڕەخنەیە دەبێ ڕەخنەیەکی بونیاتنەر بێت، دەبێ هاوسەنگییەك دروست بکرێ لەنێوان ئازادییەکی تەواو و رادە دانان بۆ ئەو نووسینانەی کە ئامانجیان ناو زڕاندنە، یاسایەك ئەگەر بەرژەوەندی خەڵکی ئەو پیشەیە ڕەچاو نەکات با هەر دەرنەچێ باشترە." بەرزانی لەبەردەم دەزگاکانی ڕاگەیانیاندا بێترسو بێ ئەوەی ویژدانی ئازادەی کۆمەڵی کوردستان بەهەند بگرێو ملیۆنەها ئینسانی ڕۆشنبیر، نووسەر، ڕۆژنامەنووس، ژورنالیستو ئازادیخوازو تینووی ئازادیو دیموکراسیو مەدەنییەت بە نەفامو ناحاڵی لەقەڵەمدەداتو پێیاندەڵێ؛ (<u>ئەو یاسایە ئەگەر بەرژەوەندی خەڵکی ئەو پیشەیە لەبەرچاونەگرێ</u>)!! بەرزانی دەیەوێ کلاوبنێتەسەری خەڵکی کوردستانو لەپێشیانەوە ڕۆژنامەنووسانو ئازادیخوازان. ئەو دەیەوێ ڕۆژنامەگەریو ئازادی بیروڕاو ئازادی ژورنالیستییو ئازادی ڕەخنەو لێدووان بەگوێرەی خواستی خۆیو حیزبو دەسەلاٌتی پێناسەبکاو بەخەڵکیشی بقەبڵێنێ! ئەو دەبێژێ؛ کە یاسایەک بۆ پیشەی ڕۆژنامەگەری! لەکاتێکدا مەسەلەی یاسای ڕۆژنامەگەری بەشێکی دانەبڕاوە لە مەسەلەی ئازدی دەربڕینو ئازادی بیروڕاو ئازادی بەیانو بلاٌوکردنەوە! ئەمە چەمکێکی هەرە بنەڕەتییە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆداو بەبێ دانپیانانیو بەبێ سەلماندنی ئەم شادەمارەی کۆمەڵگای مەدەنی، باسکردن لە هەر مافو ئازادیو دیموکراسییەک جگە لە هەوڵدان بۆ فریوکاریو لەباربردنی جووڵانەوەی حەیاتیی لە پرۆسەی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگادا، هیچ ناوەرۆکێکی تری نابێ!

یاخود باسی ڕەخنەی بنیاتنەر دەکات!! ئەمە بەر لە هەر شتێک لە بەهانەیەک بەولاوە تر نییە بۆ هێرشبردنە سەر هەر دەنگێکی ڕەخنەگرو ئازاو سەربەخۆو ئازاد! بۆ سنووردارکردنی ڕۆژنامەوانانو بلاوکراوە سەربەخۆکان. دەنا حیکمەتی هەردوو حیزبو پەرلەمانو دەسەلاٌتیان لەم چەند ساڵەدا جگە لە گەندەڵیو ڕاووڕووتو بێمافی خەڵکی چی تریان لەکارنامەدا بووە! ئەگەر لافو گەزافێک هەرچەند بەنابەدڵیش بێت لێرەولەوێ دەتووانن بەسەر خەڵکی کوردساتانو وەزعی سیاسی کوردستانەوە لێیدەنو باسی فرەییو دیموکراسیو ئازادیو ئەم شتانەبکەن، تەنها ئەو بزاوتە

فراوانەی ڕۆژنامەگەری کوردیو ئەو مەودا فراوانەی ژورنالیستی کوردستانە کە بۆتان کۆنترۆڵ ناکرێو دەتانەوێ خۆتانی پێوەبابدەن!

هەق وایە نارەزایەتییەکانی ئێستای کوردستان، وە دەنگی بوێری ڕۆژنامەوانانو ژورنالیستەکانو ڕووناکبیرانو ئازادیخوازان، ڕێکخراوتر بکرێنو تۆکمەتر پێلەسەر دارشتنی یاسایەکی ڕۆژنامەگەری شایەنی ئەم سەردەمو بزاوتەی جووڵانەوەی ڕۆشنبیریو سەحافی لە کوردستان دابگرن. دارشتنی ئەو یاسایەش دەبێ دەورو نەخشی جددیو سەرەکی ئەم جووڵانەوە ژورنالیستی‌یەی ئەمرۆی کوردستان جێگابکاتەوەو لیژنەی چاودێری سەربەخۆ لە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو لە پەرلەمان، لە ڕۆژنامەوانانو ڕووناکبیرانی ئازادو سەربەخۆ پێکبهێنرێ بۆ زامنکردنی سەرجەمی مەودای ئەو ڕەوتە ڕەخنەگرانەیەو ئەو خواستە شمولیو جەماوەریو سەرتاسەرییە کە لە کەناڵی دیاردەی ڕۆژنامەگەرییەوە دەڕواتەبەرەوە. بەرزانی لەوشوێنەوە ئیمزای خۆی نەدا لەو پرۆژەیاسا پەسەندکراوەی پەرلەمانەکەی خۆی کە ئازادییە ڕۆژنامەوانیەکانو ئازادی بەیانو ئازادی ڕەخنەو بڵاوکردنەوە کۆتوبەند ئەکات، بەڵکو لەو گۆشەیەوە ئیمزای نەخستەسەری بۆ ئەوەی لەلایەک ئەم لێشاوە نارەزایەتییەی ڕووناکبیران خاوکاتەوە، لەولای تریشەوە لەپێناوی ئەوەی ئیعتیبارێک بۆ پەرلەمان بگێڕێتەوە. بەڵام پێناچێ بەرێزیان لە هیچ کامیاندا سەرکەوتوو بێت. چونکە خەڵکی کوردستان لەوە هووشیارترن کە بەخەیاڵی ئەواندا دێت!

2007/12/17